نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاوکاریکردنی عیراق
نوسینگەی ڕاگەیاندن

# هەواڵنامەی یونامی

دەنگی نێردە

هەواڵنامە | ژمارە نۆزدە | شوبات / فبراير 2008

## نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی بەڕێز ستافان دی میستورا ڕاپۆرتی سکرتێری گشتی پێشکێشی ئەنجومەنی ئاسایش دەکات

نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی بۆ نێردەی هاوکاریکردنی عیراق (یونامی) بەڕێز ستافان دی میستورا ڕۆژی ٢١ی کانونی دووەمی ٢٠٠٨ لە نیویۆرك بوو بۆ ئاگادارکردنەوەی ئەنجومەنی ئاسایشی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە ڕەوشی ئاسایش و سیاسی لە عیراقدا. ڕاپۆرتەکەی تەبایە لەگەڵ گەوهەری بڕگەی ٦ی بڕیاری ژمارە ١٧٧٠(٢٠٠٧) ، کە لە ١٠ی ئابی ٢٠٠٧دا پەسند کرا. ئەو بڕگەیە بە ڕوونی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە پێویستە سکرتێری گشتی هەر سێ مانگ جارێك ڕاپۆرت لەسەر جێبەجێکردنی بەرپرسیارێتییەکانی یونامی بۆ ئەنجومەن بکات. لە چوارچێوەی پابەندبوون بەم بڕیارەوە و لەوەتەی پەسەندکردنییەوە، ئەمە دووەمین ڕاپۆرتە پێشکێشی ئەنجومەن دەکرێت.

لەو ڕاپۆرتەیدا، بەڕێز دی میستورا جەختی کردە سەر باشبوونی ڕەوشی ئاسایش و کەمبوونەوەی بەرچاوی توندوتیژی. گەورە نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان ئەگەرچی تێبینیی کرد کە هێشتا زۆر ئاستەنگ ماون چارەسەر بکرێن، بەڵام پێشوازیشی لەو پێشکەوتن بە ئاراستەی ئاشتەوایی نیشتیمانی کرد، بە تایبەتی لە بواری گفتوگۆی سیاسیدا. هەروەها وتی: "گومانی تێدا نییە مەیدانی سیاسی و ئاسایش هێشتا ئاڵۆزە، هەردووکیان بەیەکداچوون و واش پێدەچێت تەواو نیگەرانی هێن بن. تەنها چەند ڕۆژێك پێش ئەوەی بەڕێز د یمیستورا بەغداد بەجێبهێڵێت ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق یاسای لێپێچینەوە و دادی پەسند کرد کە جێگرەوەی کۆمسیۆنی ڕیشەکێشکردنی بەعسە بە پرۆسەیەکی نوێ کە ڕێگە بە دوبارە دامەزراندنەوەی ئەندامانی پێشووی حکومەت دەدات.

بەڕێز دی میستورا کورتەیەکیشی پێشکێشکرد دەربارەی چالاکییەکانی نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عیراقدا، لە نێویشیاندا ئەو کارانەی کە لە بواری سیاسیدا ئەنجام دراون و، چالاکییەکانی یەکەی پشتگیریی دەستووری و هەڵبژاردن، هاریکاریی مرۆیی، ئاوەدانکردنەوە و پەرەپێدان و، چالاکییەکانی نوسینگەی مافەکانی مرۆڤ.

لەو کۆبوونەوەی دەستپێکەی ئەنجومەنی ئاسایشدا، زۆربەی وڵاتانی ئەندام جەختیان کردە سەر پێویستیی گفتوگۆی سیاسیی گشتگیر و مامەڵەی سیاسی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێی عیراق وەك بناغەیەك بۆ گۆڕینی ئەو دەسکەوتە سیاسییانەی ئەم دواییە بۆ سەقامگیریی درێژخایەن. بەهەر حاڵ، نیگەرانیی زۆر دەربڕاوە سەبارەت بە قەیرانی بەردەوامی مرۆیی، لەنێویشیاندا ئاوارە لە وڵاتانی دراوسێدا.



نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ئەنجومەنی ئاسایشدا

## پێرست

نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی بەڕێز ستافان دی میستورا ڕاپۆرتی سکرتێری گشتی پێشکێشی ئەنجومەنی ئاسایش دەکات ................................. 1

بەڕێز دێڤید ڤێنێس وەکیلی سکرتێری گشتی بۆ سەلامەتی و ئاسایش سەردانی عیراق دەکات ................................ 2

ڕووپێوی تەندروستی خێزان ٢٠٠٦/ ٢٠٠٧ ی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی لە عێراق ڕێژە ی ترسناك نیشاندەدات ........................... 2

چاوپێکەوتن لەگەڵ نوێنەری ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی لە عیراقدا د. نەعیمە ئەلقەسیر ............................ 4

ئاوەدانکردنەوەی مەزاری پیرۆزی عەسکەری لەسامەڕا ............... 5

هە ولێر میوانداریی کۆڕی شاڵاوی ڕۆشنبیریی هەڵبژاردن دەکات ....... 6

دواتر لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامەنوسان پاش وتارەکەی لە ئەنجومەنی ئاسایشدا، گەورە بەرپرسی نەتەوە یەکگرتووەکان چوار لایەنی گەش و دوو نیگەرانیی سەرەکیی خستەڕوو. سەبارەت بە یەکەم لایەنی ئیجابی، ستایشی ئەو باشبوونەی ڕەوشی ئاسایشی کرد کە لە شەقامەکانی بەغدادەوە دەبینرێت. ئەو وتی: "ئێمە لە ناوچەی سووردا دەگەڕێین، بەسەرتاپای عیراقدا دەگەڕێین و تێبینیی باشبوونێکی بەرچاو دەکەین." دووەم لایەنی ئیجابی کە بەڕێو دی میستورا ئاماژەی بۆ کرد گەشەی ئابوورییە لە ڕۆشنایی زانیارییەکانی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی بۆ زیادبوونی پێشبینیکراوی ٧٪ (GDP)، شانبەشانی بەرهەمهێنانی ٢٠٠٠٠٠٠بەرمیل نەوتی خاو ڕۆژانە لە ٢٠٠٨دا. هەروەها دووپاتی گرنگیی یاسای ڕیشەکێشکردنی بەعسی کردەوە لە برەودان بە ئاشتەوایی نیشتیمانی لە وڵاتدا. لە کۆتایدا، بەڕێزی ئاماژەی بۆ دەوری نەتەوە یەکگرتووەکان لە عیراقدا کرد و وتی: "ئێمە بەرپرسیارێتییەکی بەهێزمان لە ئەستۆدایە. ئێمە لە هەولێر (لە باکووردا) و لە بەغداد و بەسرا هەین، ئێستاش نێردەیەکمان لە کەرکوك هەیە و بەو جیددی و چالاکانە لە زۆر بواردا کاردەکەین کە پێشتر تێیدا نەبووین."

سەبارەت بە نیگەرانییەکانیش، نوێنەری تایبەت تیشکی خستە سەر پێویستیی پاراستنی ئەو دەسکەوتانەی تائێستا بەدیهاتوون لە ڕێگەی دڵنیا بوون لەوەی ڕەنگدانەوەیان بۆ سەر خۆشگوزەرانیی خەڵکی عیراق دەبێت بەوەی کە خزمەتگوزاریی کۆمەڵگاییان پێشکێش بکرێت و باری ئابوورییان باش بکرێت. نیگەرانیی دووەم پەیوەستە بە کێبڕکێ لەگەڵ کاتدا لە ٢٠٠٨دا. "پێویستە باش سوود لەم ١٢ مانگە وەربگیرێت بۆ ئەوەی بە ئاراستەی دروست بەرەو پێش بچین،" بەڕێز دی میستورا وتی.

بەپێی بەرپرسیارێتیی فراوانکراوی بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایش ژمارە ١٧٧٠، وڵاتانی ئەندام پشتگیریی یونامییان بەگشتی و هەنگاوەکانی نوێنەری تایبەتیش بە تایبەتی کرد.

## بە ڕێز دێڤید ڤینێس وە کیلی سکرتێری گشتی بۆ سە لامە تی و ئاسایش سەردانی عیراق دەکات



یاریدەدەری سکرتێری گشتیی دێڤید ڤینێس لە وتارەکەیدا بەرامبەر ئەندامانی نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بەغداد

**نوسینی: ڕەندە جەماڵ**

لە چوارەم سەردانیدا بۆ بەغداد، وەکیلی سکرتێری گشتی بۆ کاروباری سەلامەتی و ئاسایش بەڕێز دێڤید ڤینێس لە ماوەی ٤ تا ٨ی شوباتی ٢٠٠٨دا چەندین کۆبونەوەی لەگەڵ گەورە بەرپرسانی عیراقی لە بەغداد و هەولێر ئەنجامدا و سەردانی و بەسراشی کرد.ئامانجی ئەو سەردانە چاودێریکردن و هەڵسەنگاندنی ڕەوشی ئێستای عیراق بوو بۆ ئەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئاژانس و سندوق و بەرنامەکانی بتوانن لە جێبەجێکردنی بەرپرسیارێتییەکانیان بە پێی بڕیاری ژمارە ١٧٧٠ی ئەنجومەنی ئاسایش دڵنیا بن. لە پاڵ ئەمەشدا، سەردانەکە پێداچوونەوەیەکی ستراتیژیی نێو- ڕێکخراوەییشی گرتەوە بە دەرەنجامەکانی ئەو ڕوپێوەی بەشی چالاکییەکانی ئاشتی پارێزی و کاروباری سیاسی و سەلامەتی و ئاسایش بەیەکەوە لە کانونی دووەمی ٢٠٠٧دا ئەنجامیان دابوو.

لە وتارێکی تایبەتدا بۆ کارمەندانی نیشتیمانیی عیراق لە ٧ی شوباتدا، بەڕێز ڤینێس پابەندبوونی نەتەوە یەکگرتووەکانی دووپات کردەوە بە چاککردنی ئاستی ئابووری و ژیانیان لە ڕێگەی موستەحەقاتی دامەزران و سودەکانییەوە. هاوکات، بەڕێز ڤینێس تێگەیشتنی خۆشی بۆ ئەو ئاستەنگانە دەربڕی کە ڕۆژانە بەرەو ڕووی کارمەندانی خۆماڵی دەبنەوە. بەڕێز ڤینێس ستایشی کردن بۆ ئەو کارە نائاساییەی ئەوان بۆ نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاوکاریکردنی عیراق (یونامی)ی دەکەن و دوپاتیشی کردەوە ئەگەر دەوری چالاکی ئەوان نەبێت نێردەکە ئەو بونیاد و ناوەڕۆکەی ئێستای نابێت.

## ڕووپێوی تە ندروستیی خێزان ٢٠٠٦/ ٢٠٠٧ ی ڕێکخراوی تە ندروستیی جیهانی لە عێراق ڕێژەی ترسناك نیشاندەدات

**نوسینی ڕەندە جەماڵ**

ڕووپێوی تەندروستی خێزانی عێراقی لە ٢٠٠٦/٢٠٠٧ لە لایەن ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی سەر بە نەتەوە یەکگرتوەکان و وەزارەتی تەندروستی عێراقەوە لە ١٠ کانونی دوەمی ٢٠٠٨ لە بەغداد ئەنجامدرا کە زانیاریی لە سەر نیشاندەری تەندروستی نیشاندەدا . لە کردنەوەی فەرمیی هەندێ ووتار پێشکێشکران. ئەندام پەرلەمان دکتۆر نەدا ئیبراهیم کە نوێنەرایەتی سەرۆکی پەرلەمانی بەڕێز مەحمود مەشهەدانی دەکرد سەڵاوی پەرلەمانی بە ئامادەبوان ڕاگەیاند و ئامادەیی ئەندامانی پەرلەمانیشی بۆ هەماهەنگیی لە پێناو چاکسازیی لە کەرتی تەندروستی نیشاندا.

لەلایەکی تریشەوە، لە جیاتی سەرەك وەزیران وەزیری تەندروستی د. ساڵح ئەلحەسناوی بەخێرهاتنی بەشداربوانی کرد و خەختی لەسەر گرنگیی توێژینەوەی زانستیی لە دانانی ستراتیژو دووربینیی تازە بۆ کەرتی تەندروستی کردەوە.

ووتاری وەزیری پلاندانان و گەشەپێدانیش لە لایەن جێگرەکەی د. مەهدی ئەلئەلەکەوە پێشکێشکرا کە تێیدا جەختی کردەوە لەسەر پێویستبوونی هەماهەنگیی بەردەوام لە گەڵ وەزارەتی تەندروستی لە ئەنجامدانی ڕووپێو و توێژینەوە بۆ پلاندانان و چاودێریی کردنی ئامانجەکانی گەشەپێدان ودانانی ئامانجە تەندروستییەکان.

د. پەخشانیش بە نوێنەرایەتی کوردستان لە جیاتی وەزیری هەرێم بۆ کاروباری تەندروستی دز زریان عوسمان وتارێکی پێشکێشکرد و تێیدا جەختی لەسەر گرنگیی ئەم جۆرە لێکۆڵینەوانە کردەوە بۆ خستنە ڕووی نیشاندەری جیهانیی و هەرێمی.

هەروەها هەریەك لە د. نەعیمە ئەلقەسیر نوێنەری ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی سەر بە نەتەوە یەکگرتوەکان و بەڕێز ئیکا ئوسیتالۆ باڵوێزی نێردەی ئەوروپا ووتاریان پێشکێشکرد.
د. مەهدی ئەلئالاك نمایشێکی گشتی لەسەر ڕووپێوەکە پێشکێشکرد کە شێوازە بەکارهاتوەکانی ڕووپێوەکەی لە خۆ دەگرت. د.ئیحسان ئەحمەد ئەنجامەکان و ڕاسپاردەکانی ڕاگەیاند. ووتاری کۆتاییش لە لایەن جێگری وەزیری تەندروستی د. عەما ئەلخوازی پێشکێشکرا. ڕووپێوەکە لەلایەن نێردەی ئوروپی یەوە پارەی بۆ تەرخانکرابوو. لەمیانەی قسەکانیشیدا باڵوێزی ئەوروپا پشتگیریی نێردەی ئەوروپی بۆ ئەو شێوازە نیشاندا کە بەکارهاتبوو لە ڕووپێوەکە لە پێناو گەشەپێدانی کەرتی تەندروستی بە دووربینیی تەندروستیی پوختەکراویشەوە.

هەروەها جەختی لەسەر ئەوەش کردەوە کە بناغەی هەر شێواز و دووربینییەکی ڕێنیشاندەر بریتی یە لە بەڵگەی دروست کە پشت بە داتا ببەستێ و هەروەك چۆن داواشی لە ڕاگەیاندن کرد کە خەخت لەسەر ئەو ژمارانە بکەنەوە کە پەیوەستن بە تەندروستی لە عێراق .

بەهەمان شێوە، وەزیری تەندروستیش جەختی کردە سەر گرنگیی ڕووپێوەکە بەوەی کە توانیویەتی زانیاریی لەسەر دانیشتوان و پێویستیەکانی خزمەتی تەندروستی کۆ بکاتەوە بۆ ئەوەی حکومەت بتوانێ شێوازی تەندروستی وا بگرێتە بەر کە لەگەڵ پێویستییە تەندروستییەکانی خەڵکی عێراق بگونجێ.

هەروەها د. ساڵح ئەلحەسناوی ڕایگەیاند کە ڕووپێوەکە بە شێوەیەکی زانستییانە ئەنجامدراوە و ڕێژەی مردنی زۆریشی لە سەرەتای شەڕەکەوە نیشانداوە. هەروەها ووتیشی کە حکومەت پێویستە داتای پڕمتمانەی لەسەر مردنەکانی توندوتیژیی هەبێت و زیاتر لەسەری ڕۆیشت کە " لە ڕاگەیاندنەکاندا هەندێ جیاوازیی لەسەر ڕاپۆرتەکان بەرچاو دەکەوێت، هەندێ لەو زانیارییانەی بڵاوکراونەتەوە لەوانەیە بەکاربێن یان خراپ بەکاربهێنرێن بۆ هۆکارە سیاسی یەکان.

د. نەعیمە ئەل-کەسی، نوێنەری ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی هەڵوێستی ڕێکخراوەکەی دووپاتکردەوە لە دانانی ووردبینییەکان کە ڕێگە بە حکومەت نیشاندەدەن و پشتگیریشیی دەکەن لە جێبەجێ کردنی ئەو بەرنامانەی لە ژێر جێبەجێکردندان. بۆ دەستەبەرکردنی تەندروستی نیشتمانی و گەشەپێدانی ستراتیژیی بە گوێرەی " ئامانجەکانی گەشەپێدانی سەدە" ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی جەخت لەسەر بەشداربوونێکی کاریگەر و لێکۆڵینەوە هەمەلایەنەکان دەکاتەوە.

د. نەعیمە ئەلقەسیرهەروها ستایشی هەوڵەکانی بەشدارە جۆراوجۆرەکانی کرد بە تایبەت بەشدارانی کۆمەڵگا و کارمەندانی وەزارەتی تەندروستی و کارکەرانی تری تەندروستی بۆ سەرکەوتنی ئەنجامدانی ڕووپێوەکە. لەم بارەیەوە ووتی" ئەوان متمانەی کۆمەڵگایان دروستکردەوە بە تایبەتی کە ژیانی خۆیان دۆخێکی دژواردا خستبوە مەترسییەوە بەڵام هەر توانییان ئەو ڕووپێوە بە سەرکەوتوویی ئەنجام بدەن و هیواش دروست بکەنەوە."

لەگەڵ ئەمەش، لە میانەی ئامادەکاریی بۆ گەیشتن بە ئەنجامەکان، شارەزایەکی عێراقی بە ناوی د. وەفیق عەبدولجەلیل گیانی خۆی لە دەستدا پاش ڕاهێنانێك کە لە دیالە لەسەر ڕووپێوەکە ئەنجامدرا کە کاری کردە سەر تەواوی تیمەکە. گەورە زانایەکی تری عێراقیش کە جێگری بەڕێوەبەری وەزارەتی پلاندانان بوو بە ناوی د. لوئەی حەققی کە تا نزیك تەواوبوون لە ڕووپێوەکە کاری کرد لە ٢ ئابی ٢٠٠٧ لە ڕێگەی بەغداد گیانی لە دەستدا.



دەستپێکردنی ڕووپێوی تەندروستی خێزان

ڕووپێوەکە بە تازەکراوەیی ئەنجامدرا و بوو بە مایەی دەوڵەمەندکردنی داتابێسی تەندروستی نیشتمانیی لە ڕێی نیشاندەری تەندروستی وەك ڕێژەی نەخۆشیی و مردنی منداڵان و ڕێووشوێنەکانی جیاوازیی تەندروستی و خەرجکردن لە نێوان توێژەکانی دانیشتوان (نموونە: هەرێمیی و خۆماڵیی).

ڕووپێوەکە لە لایەن کۆمەڵێك شارەزای بیانیی و خۆماڵییەوە دانرابوو کە پێکهاتبوون لە شارەزایانی بواری دێمۆگرافی و شارەزایانی بواری تەندروستی لە وەزارەتە عێراقیە بەشداربوەکان.

ڕووپێوەکە ناوەڕاست و خواروو و باکووری گرتەوە. پێشتر لە مانگەکانی ئاب و ئەیلولی ٢٠٠٦ پارێزگاکانی ناوەڕاست و باشوور ڕووپێو کرابوون و لە شوبات و ئازاری ٢٠٠٧ هەرێمی کوردستانیش ڕووپێو کرابوو.

لە و ڕووپێوە نزیکەی ٩٣٤٥ کەس چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کرابوو بە پشت بە ستن بە نموونە یەکی ڕەمەکیی خانەوادەکان لە سەرتاسەری وولات کە نزیکەی ١٠٠٠ گەڕەك و گوندی لە خۆ گرتبوو.

خانەوادەکان بە گوێرەی ئەو شێوازە ئامارییانەی کە لە ناوچە ئارامەکان ستانداردن هەڵبژێردرابوون. بە گوێرەی ئەنجامەکانی ڕووپێوەکە، مەزەندە دەکرێت ١٥١٠٠٠ عێراقی لەسەرەتای هەڵگیرسانی شەڕ تا حوزەیرانی ٢٠٠٦ کوژرابن. لەمەش زیاتر، ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی ئەوەی دەرخست بە ٩٥٪ی دڵنیایی ئاماریی لە نێوان ١٠٤٠٠٠ تا ٢٢٣٠٠٠ خەڵکی مەدەنی مردبن. بۆیە ڕووپییێوەکە دەریدەخا کە لەوانەیە ژمارەی مردنەکانی توندوتیژیی لە نێوان ئاداری ٢٠٠٣ تا حوزەیرانی ٢٠٠٦ لە نێوان ١٠٤٠٠٠ تا ٢٢٣٠٠٠ دابن.

ئامارزانی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی محمد عەلی، کە پارمەتی تەکنیکی ڕووپێوەکەی دەدا، ووتی کە "مەزەندەکردنی ڕێژەی مردن بە هۆی شەڕەوە زۆر زۆر گرانە. پێویستە ئەنجامەکانی ڕووپێوی تەندروستی خێزانیش بە وریاییەوە لێکبدرێنەوە". هەروەها وتیشی کە "بەهۆی نەبوونی تۆمارێکی گشتگری مردن و ڕاپۆرتی نەخۆشخانە، ڕووپێوی خێزانی باشترین شتە کە ئێمە بتوانین بیکەین."

ئەم ژمارانە بەشێکن لە لێکۆڵینەوەیەکی گەورەتر کە داتای نەخۆشییە درێژخایەنەکان و هۆکارەکانی مەترسیی ژینگەیی و دۆخی تەندروستی مێشك و ڕەفتاری جگەرکێشان و ئەو نەخۆشییانەی لە ڕێی سێکسەوە دەگوازرێنەوە و توندوتیژیی ماڵەوەش دەگرێتەوە، هەروەها هەندێك چەمکی تر، کە کار دەکەنە سەر تەندروستیی خێزانی عێراقی، لە ڕووپێوەکەدا ئاماژەیان بۆ کراوە. بۆ نموونە، یەکێك لە ڕێژە ترسناکەکان ئەوەیە کە تەنها ٥٧٪ی ئەو ژنانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کرابوو نەخۆشی ئایدزیان بیستبوو بە بەراوورد لەگەڵ ٨٤٪ لە تورکیا و میسر و ٩١٪ لە مەغریب و ٩٧٪ لە ئەردەن. بەهەر حاڵ، پێویستە ئەوەش تێبینی بکرێت کە نەخۆشی ئایدز لە عێراق زۆر بەکەمیی هەیە.

## چاوپێکەوتن لەگەڵ نوێنەری ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی لە عێراقدا د. نەعیمە ئەلقەسیر



د. نەعیمە ئەلقەسیر-نوێنەری ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی لە عێراق

*بەبۆنەی بەرەڵدانی ڕووپێوی خێزانیی عێراقی بۆ ٢٠٠٦-٢٠٠٧ لە مانگی کانونی دووەمی ٢٠٠٨دا، یونامی ئەم چاوپێکەوتنەی لەگەڵ نوێنەری ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی لە عێراقدا د. نەعیمە ئەلقەسیر ئەنجامدا.*

**ـ دەتوانیت بۆ خوێنەرانمان باس بکەیت پوختەی ئامانجەکانی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی لە عێراقدا بەگشتی چین و، بەتایبەتیش دەتانەویت لە ڕێگەی ئەو ڕووپێوە خێزانییە چی بەدەستبهێنن؟**

**ئەلقەسیر:** مەبەست لە ڕووپێوی خێزانیی عێراقی نوێکردنەوە و فراوانکردنی بنکەی زانیاریی تەندروستیی نیشتیمانیی عێراقییە بۆ ئەوەی ببێتە بنکەیەك بۆ پەرەپێدانی بەرنامە و سیاسەتی تەندروستی و دانیشتوان. ئەو ڕووپێوە یارمەتیی عێراقیان دەدات چاودێریی ئاراستەکانی تەندروستی بکەن و شوێن پێی پەرەسەندنەکانی بەدیهێنانی ستاندارد و ئامانجەکانی پەرەپێدانی نێودەوڵەتی بکەون. ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی (WHO)، وەك لە ئەرکەکانماندا هاتووە، چاودێریی نەخۆشی و ڕێژەی مردن و ئاماژەکانی تری بواری تەندروستی دەکەین و، نوسینگەی عێراقی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانییش ئەو ئەرکانە لێرە جێبەجێدەکات. ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی کاری هەماهەنگاریی لە نێوان نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە ناحکومییەکان لە کەرتی تەندروستی و خۆراکیدان دەکا، بۆیە دەرئەنجامەکانی ئەو جۆرە ڕووپێوە و هی تریش هەلێك دەرەخسێنن بۆ دانانی ستراتیژ و سیاسەتی پێویستی بواری تەندروستی و خزمەتگوزاریی دروست کە خەڵکی عێراق پێویستیان پێیەتی. بەم دواییە وەزیری تەندروستی دکتۆر سەلاح ئەلحەسناوی لە جیاتیی حکومەتی عێراق پلانی بەرنامەی هاوبەشی حکومەتی عێراق و ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانیی بۆ ٢٠٠٨-٢٠٠٩ لەگەڵ نوێنەری ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانیی لە عێراقدا ئیمزا کرد. پلانەکە بۆ پشتگیریکردنی بەرنامە تەندروستییە لەپێشەکانی عێراقە. ئەو بەرنامە لەپێشانە لە هەردوو ستراتیژی پەرەپێدانی نیشتیمانی و پەیمانی نێودەوڵەتی لەگەڵ عێراقدا دەستنیشانکراون.

**ـ ڕووپێوی خێزانیی عێراقی ٢٠٠٦-٢٠٠٧ لێکۆڵینەوەیەکی سەرکەوتووە بەو هەموو کارەی تێیدا کراوە و ئەو ئەنجامانەشی لێیکەوتوونەتەوە. بە ڕای تۆ، توخمە پێکهێنەرە سەرەکییەکانی سەرکەوتن چین؟**

**ئەلقەسیر:** زۆر توخمی پێکهێنەر هەن بۆ سەرکەوتن لە ئەنجامدانی ڕووپێوە گەورە: هاوبەشی، والایی، متمانە، توانای تەکنیکیی شارەزایان لە ئاستی جیاوازدا، لە نێویشیاندا پابەندبوون بە سەرکەوتن و سووربوونیش لەسەری. هەر لە سەرەتاوە، توانای کارکردن لەگەڵ یەکتر، بە دروستکردنی تیمیشەوە، تەکانێك بوو وبەرەو سەرکەوتن. هاوکاری لە نێوان بەشدارە هەمەلایەنەکان، بە وەزارەتی تەندروستی و وەزارەتی پلاندانان و ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانیشەوە، هەروەها لەگەڵ دوو وەزارەتی هاوشانی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق و پشتگیریی یەکێتیی ئەوروپا و دارایی کردنەکەی، زۆر گرنگ بوون بۆ سەرکەوتنی ڕۆپێوەکە.

لە سەرەتاوەن لە قۆناغی ئامادەکاریدا، تیمەکە ئەندامێکی خۆی لە دەستدا کە پزیشکێکی عێراقی بوو بە هۆی توندوتیژییەوە گیانی سپارد.

گیانی مەعنەویی تیمەکە یەکجار نزم بوو بە هۆی گیان لەدەستدانی ئەو هاوکارەیان. لەو باودۆخەدا، ئەو خرایە ڕوو کە لێکۆڵینەوەیەکە بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك/ چەند هەفتەیەك یان تەنانەت چەند مانگێکیش ڕابگیرێت. بە هەر حاڵ، بە تایبەتیش بە پێداگیریی کارمەندە عێراقییەکانمان، لەسەر کارکردن بەردەوام بووین. گەیشتینە قۆناغێك کە هەموومان بەیەکەوە بڕیارماندا کە "دەتوانین بیکەین، با بیکەین و بەرەو ئاسۆ بڕوانین."

دیسانەوە، بە دیهاتنی سەرکەوتن لە ڕێگەی ئاگادارکردنەوەی کۆمەڵگاکان دەربارەی ڕۆپێوەکە و بەشداری پێکردنیان بوو لە سەرەتای پرۆسەکەوە. ئەوان کاکڵی ڕوپێوەکە بوون. ئەم پرۆسەی ئاڵوگۆڕی زانیاری و بە دەستهێنانی پشتگیری بۆ ڕوپێوەکە لە ڕێگای وەزارەتەکانی تەندروستی و پلاندانانەوە بە ئاکام گەیشت بە وەی کە زانیاری و ڕاگەیاندنی ئاگادارکردنەوە یان بۆ کۆمەڵگاکان دەنارد، بە تایبەتیش بۆ ئەو خێزانانەی ڕوپێو دەکران. مامەڵەکردن لەگەڵ بەرپرسانی سارۆکە و شارەدێیەکانیش کاریگەریی خۆی هەبوو.

**لەسەر بنەمای ئەو وانانەی فێری بوون و، ئەگەر ئەمڕۆ ڕوپێویێکی لەم جۆرە بکەن، چین ئەو لایانانەی چاوی پێدا دەخشێننەوە و جەختی لەسەر دەکەنەوەو لەوانەیە بە شێوەیەکی جیاوازیش ئەنجامی بدەن؟**

**ئەلقەسیر:** زۆر وانە فێر بووین لە ئەزموونی ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان **کە** پێشتر ڕوپێویان ئەنجامداوە. لەسەر بنەمای ئەو وانانە، دەستنیشانی ژمارەی ئەوانەمان کرد کە چاوپێکەوتن دەکەن، لەگەڵ مەشقی پێشکەوتوو و بەدواداچوون و زیادکرنی ژمارەی تیمەکان. بە هەر حاڵ، پێم خۆشە جەخت لەسەر ئەوە بکەمەوە کە مەشق و سەرپەرشتیی نزیك لەسەر ئاستی ناوەندی و ناوخۆیی ئیجباری بوون.
وانەیەکی تر کە فێری بووین ناچاری کردین بەرەو ئاراستەی دامەزراندی ژووری عەملیاتی ڕۆژانە لە بەغداد و هەولێر و عەممان بۆ بەدواداچوونی هەموو چاوپێکەتنەکان و بارودۆخەکە لە مەیداندا. ڕۆژانە ڕاپۆرتێك لەلایەن ژووری عەمەلیاتی عەممانەوە ئامادە دەکرا و بەسەر هەموو ئەندامانی پەیوەندیداردا دابەش دەکرا. ئەو ڕاپۆرتی بەرەوپێشچوونە ڕۆژانەیە یارمەتیی تیمەکەی دا چاو بە پێشکەوتنی ڕۆژانەدا بخشێنێتەوە و چارەسەریش بۆ هەر کێشەیەك بدۆزێتەوە کە بێتە پێشەوە.
وانەیەکی تر کە فێری بووین دڵنیابوونە لە دەسپێکدا بەشداری بە ئەندامانی کۆمەڵگا خۆجێییەکان بکەیت کە بە تەواوی پشتگیریی لێکۆڵینەوەکەیان کردووە سەرباری سەختیی ڕەوشی ئاسایش. لە هەندێك باردا، خێزان هەبووە ئەندامانی تیمی ڕوپێوی تەندروستیی پاراستووە و ئاستێکی بەرزی میواندۆستییان نواندووە بەوەی خواردنیان پێداون و ڕێیان پێداون شەو لە ماڵیان بمێننەوە. ئەو جۆرە بەشدارییپێکردنەی کۆمەڵگا ڕێژەیەکی بەرزی بەدەنگەوهاتنی ڕوپێوەکەی بەرهەم هێناوە. لە کۆتاییشدا، ڕوپێوەکە زۆربەی لەلایەن عیراقییانەوە ئەنجام دراوە و لەگەڵ عیراقییانە و بۆ عیراقییانیشە، بە پشتگیریی تەکنیکیی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی و دارایی یەکێتیی ئەوروپا.

**ـ هەندێك ژمارە کە لە لێکۆڵینەوەکاتاندا هاتوون، بە تایبەتی لەسەر ژمارەی مردنی بە توندوتیژی لە سێ ساڵەی یەکەمی پاش ڕوخانی ڕژێمی پێشووەوە لە ئاداری ٢٠٠٣دا، جیاوازییان زۆرە لەگەڵ ئەو ژمارانەی کە زانکۆی جۆن هۆپکینز و دامەزراوەی سەرژماردنی عیراقییان کە بنکەی لە بەریتانیایە و حکومەتی عیراقی داویانن. چۆن ئەو ژمارە جیاوازانە لەگەڵ یەکتردا دەگونجێنن و ئەو ژمارانەی ئێوە چ جۆرە کاردانەوەیەك دێننە ئارا؟**

**ئەلقەسیر:** بە خەملاندنی ئێمە، سەد و پەنجا و یەك هەزار (١٥١٠٠٠) مردنی بە توندوتیژی لە ڕوخانی ڕژێمی پێشووەوە لە ئاداری ٢٠٠٧دا تا حوزەیرانی ٢٠٠٦ ڕوویانداوە. ئەو لێکۆڵینەوەیەی زانکۆی جۆن هۆپکینز و زانکۆی موستەنسیرییەی بەغداد لە تشرینی یەکەمی ٢٠٠٦دا ئەنجامیان داوە ژمارەی مردووانی بە توندوتیژیی بە شەش سەد و یەك هەزار و بیست و حەوت (٦٠١٠٢٧) کەسی عیراقی بۆ هەمان ماوەی ئاداری ٢٠٠٣ تا حوزەیرانی ٢٠٠٦ داناوە. لە لایەکی ترەوە، لەوانەیە دامەزراوەی سەرژماردنی عیراقییان مردنی بەتوندوتیژی بەهەند هەڵنەگرتبێت چونکە ژمارەیەکی بەرچاو لە سەرچاوەکانی ڕاگەیاندنەوە، بە سیستمی چاودێریشەوە، دەرناکەوێت. ئەو ڕوپێوە ڕۆشنایی زیاتری خستووەتە سەر ڕێژەی مردن بەتەنها و هەزار و هەشت سەد و چل و نۆ (١٨٤٩) خێزانی لە ٤٧ ڕشتە گرتووەتەوە لە کاتێکدا ئەم ڕوپێوەی ئێمە زیاتر لە پێنج ئەوندە خێزان و بیست ئەوندە ڕشتەی گرتووەتەوە. لەوەش زیاتر، ئەم لێکۆڵینەوەیە بە متمانەترین خەملاندن دەخاتە بەردەست بە هۆی قەبارەکەی و ڕێگت زۆرەکانی کۆکردنەوەی زانیارییەکان و پێوانەکانی کۆنترۆلی جۆری. ئەنجامدانی ڕۆپێوی خێزانیی زیاتر ناشێت هیچ ڕوونکردنەوەیەکی زیاتر لەسر ئەو ماوەیەی لێی کۆڵراوەتەوە بخاتە بەردەست. سیستمێکی سەرتاپایی تۆمارکردنی مردووان وردترین زانیاری دەدات و پێویستییەکی زۆریش بۆ چاککدرنی ئەو سیستمە لە عیراقدا هەیە.

*************

## ئاوەدانکردنەوەی مەزاری پیرۆزی عەسکەری لەسامەڕا

**نوسینی: ڕەندە جەمال**

نزیکەی دوو ساڵ تێپەڕیوە بەسەر ، کە بووە مایەی شێواندنی تەواوی وڵات و فەوتانی هەزاران کەسی عیراقی. نزیکەی ساڵێك پاش ئەو کارەساتە، حکومەتی عیراق لە مانگی ئەیلولی ٢٠٠٧دا بانگێشتی شاندێکی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەروەردە و زانست و ڕۆشنبیری (یۆنێسکۆ)ی کرد بۆ سەردانی بەغداد بە مەبەستی بەدواداچوونی پڕۆژەی چاکردنەوە و ئاوەدانکردنەوەی مەزاری عەسکەری لە سامەڕا.
چاکردنەوەی مەزاری عەسکەری لە سامەڕا، کە دەکەوێتە ٩٥ کیلۆمەتری باکووری بەغداد، لە ٥ی شوباتی ٢٠٠٨ دەستی پێکرد. بەرپرسانی عیراق و نەتەوە یەکگرتووەکان ڕۆژی پاشتر سەردانی شوێنەکەیان کرد بۆ چاودێریکردنی یەکەمین هەنگاوەکانی ئاوەدانکردنەوەی ئەو شوێنە، کە لەلایەن موسڵمان بەگشتی و شیعەکانیانەوە بەتایبەتی بە شوێنێکی تایبەتی پیرۆز تەماشا دەکرێت.
لە وەڵامی ڕۆژنامەنووساندا سەبارەت بە هۆی دواکەوتنی پڕۆژەی بناتنانەوەکە، موحەممەد جیلیدی بەڕێوەبەری نوسینگەی عیراقی یونێسکۆ وتی: "بارودۆخەکە ئاسان نییە. ئێمە دەزانین کە دواکەوتن هەبووە بەهۆی باری ئاسایش و ئامادەکارییەکان." هەروەها وتی: "ئەمە پڕۆژەیەکی بیناسازیی ئاسایی نییە."
دارایی پێویست بۆ تەواوی پڕۆژەی ئاوەدانکردنەوەکە لەلایەن حکومەتی عیراق و کۆمسیۆنی ئەوروپییەوە دابینکراوە. یونێسکۆ گرێبەستی لەگەڵ کۆمپانیایەکی تورکی کردووە بۆ جێبەجێکردنی قۆناغی یەکەمی پڕۆژەکە. ڕۆژی پێش سەردانی شوێنی مەزارەکە، نوێنەری یونێسکۆ چاوی بە سەرۆك وەزیرانی عیراق نوری ئەلمالیکی کەوت لە نووسینگەی خۆی لە بەغداد. لەو کۆبوونەوەیەدا سەرۆك وەزیران ئامادەیی عیراقی ڕاگەیاند بۆ تەرخانکردنی پارەی پێویست بۆ پرۆسەی بنیاتنانەوەکە. هەروەها وتی کە بنیاتنانەوەی مەواری عەسکەری "گورزێکە بۆ ئەوانەی ویستیان ئاگری توندوتیژیی تایەفی خۆشبکەن و عیراق بەرەوە شەڕی ناوخۆ ببەن." بەڕێز موحەممەد جیلیدیش لەلای خۆیەوە دووپاتی کردەوە کە سامەڕا هێمای ئاشتەوایی نیشتیمانییە و سوپاسگوزاریشی بۆ حکومەتی عیراق دەربڕی بۆ هەوڵەکانی دابینکردنی ئاسایش و ئامادەکردنی پلانی بەرجەستە بۆ دڵنیابوون لە سەرکەوتنی پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەکە. هەروەها پێزانینی بەرامبەر حکومەتی عیراق دەربڕی بۆ دابینکردنی دارایی پرۆژەکە و "سووربوون لەسەر گۆڕینی سامەڕا بۆ شارێك کە شایستەی تۆمارکردن بێت وەك کەلەپوری جیهانیی یۆنێسکۆ."



نۆژەنکردنەوەی مەزاری پیرۆزی هەردوو ئیمامی عەسکەری لە سامەڕا

ئاوەدانکردنەوەی مەزاری پیرۆزی عەسکەری لە سامەڕا لەلایەن هەموو پێکهاتەکانی عیراق و خەڵکانی ترەوە، بە حکومەتی عیراق و کۆمەڵگای کۆمەکبەخشان و نەتەوە یەکگرتووەکانیشەوە، بە هەنگاوێکی گرنگ بەرەو ئاشتەوایی نیشتیمانی لە وڵاتدا بەگشتی و بەهێزکردنی ئاشتی لە سامەڕا بەتایبەتی دادەنرێت.

**************

## هەولێر میوانداریی کۆڕی شاڵاوی رۆشنبیریی هەڵبژاردن دەکات

بە پێی بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی ژمارە 1770 لەساڵی 2007، نێردەی تایبەتی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ عێراق (یونامی) و نوسینگەی خزمەتی پرۆژەکان سەربە نەتەوە یەکگرتوەکان(یونۆپس)کارئاسانییان کرد بۆ بەستنی کۆڕێك بۆ نوێنەرە دیارەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لە عێراق و کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنی بە پێی دەستوور دامەزراو بۆ دەستپێکردن بە پرۆژەی هەڵمەتی رۆشنبیریی هەڵبژاردن بۆ تاوتوێکردنی رێگە و شێوازەکانی جێبەجێکردنی پلانی نیشتمانیی رۆشنبیریی هەڵبژاردن، کە لەلایەن سندووقی متمانەی عێراقەوەپاڕی بۆ دابین دەکرێت.

وەزیری حکومەتی هەرێم بۆ کومەڵگای مەدەنی بەڕێز جۆرج مەنسووریش لە 8/2/2008 ئامادەی کردنەوەی کۆڕەکە بوو و، ووتەیەکیشی پێشکێش کرد کە تێیدا جەختی لەسەر گرنگیی ئەم جۆرە کۆڕانە بۆ بڵاوکردنەوەی ووشیاریی سەبارەت بە پرۆسەی هەڵبژاردن کردەوە .

بەیارمەتی و ئاسانکاریی شارەزایانی هەردوو رێکخراوی (یونامی UNAMI) و (یونۆپسUNOPS)،23 ئەندام، کە نوێنەرایەتیی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و کۆمەڵگای مەدەنی و کەسانی ئەکادیمییان دەکرد، بۆ ماوەی 4 رۆژ بە تێروتەسەلی بەشدارییان کرد لە تاوتوێکردنی بابەتگەلێکی زۆری پەیوەندار بە هەڵمەتی رۆشنبیریی هەڵبژاردن و دەنگدەران وەك پەسند کردنی پەیڕەوی ناوخۆ و هەڵبژاردنی ئەندامەکانی، لەگەڵ بڕیاردان لەسەر دەور و بەرپرسیاریی رێکخراوە حکومی و ناحکومیەکان، رێگەکانی فێرکردن، ئەو کەرەسانەی بەکاردێن و چاودێریی و شێوازەکانی هەماهەنگسازیی. هەروەها لە کۆڕەکە نمایشی بینراو و بیسراو و کورتەنامیلکەش بەکارهێنران بۆ یارمەتیدانی بەشداران بۆ تێگەیشتنی بابەتەکان.

تیمێکی نەتەوەیەکگرتوەکانیش وەك ئاسانکار لە کۆڕەکە ئامادەبوون، بەلاَم هەندێ لەبەشداران پێیان باش بوو ئەگەر نەتەویەکگرتوەکان رەشنووسی دابەش بکردایە بۆ گێرانەوەی ئەو کاتانەی کە بۆ تاوتوێکردنی دووروودرێژی بابەتە تەکینیکیەکان تەرخان دەکرێت.

بە لەبەرچاوگرتنی گرنگیی بابەتە باسکراوەکان و پێویستیی بەردەوامبوون، بەشداران کۆك بوون لەسەر ئەوەی کە مانگی داهاتوو کۆببوونەوەیەکی بەدواداچوون لە بەغداد ببەسترێت.



بەشداربووانی کۆڕی پڕۆژەی هەڵمەتی وشیاریی هەڵبژاردن


## هەواڵنامەی (یونامی)

هەواڵنامەیەکە نوسینگەی راگەیاندنی سەر بە نێردەی نەتە یەکگرتووەکان بۆ هاوکاریکردنی عیراق (یونامی ) دەریدەکات

بابەتەکانی ئەو هەواڵنامەیە مەرج نییە دەربری رای نەتوەیەکگرتووەکان بێت



بۆ زانیاری زیاتر تکایە پەیوەندی بەم پۆستە ئەلکترۆنییە ی خوارەوە بکەن:

Unami-information@un.org

یان پەیوەندی بە خاتوو رەندە جەمال بکەن بەم ژمارەیەی خوارەوە:

2644 - +962 6 5504700

jamalr@un.org

پێگەی ئەلکترۆنی: www.uniraq.org